# نامەی ماڵئاوایی گیڤارا بۆ کاسترۆ

## لە شۆڕشدا، یان سەرکەوتن هەیە یان مردن



گیڤارا

**فیدڵ...**

لەم ساتەوەختەدا چەندین شت دێتەوە یادم، کاتێك لە ماڵی ماریا ئەنتۆنیا یەکترمان ناسی، کاتێك پێشنیاری هاتنت کرد، لەو رۆژەدا پرسیارمان لەبارەی ئەو کەسەوە کرد کە لە کاتی مردنی یەکێکماندا دەکرێت ئاگاداربیکەینەوە، ئەگەری روودانی ئەوەش (رایچڵەکاندین). دوای ئەوە زانیمان، رودانی ئەمە شتێکی گومان هەڵنەگرە، چونکە لە شۆڕشدا یان سەرکەوتن هەیە یان مردن (ئەگەر شۆڕشێکی راستەقینە بێت). زۆرێکیش لە هاوڕێیان لەسەر رێبازەکە دەمێننەوە بەرەو سەرکەوتن.

ئەمڕۆ دەنگمان کەمتر کاریگەرە، چونکە زیاتر کامڵ و پێگەیشتووین، بەڵام رووداوەکە دووبارە دەبێتەوە. هەستدەکەم هەستاوم بە بەشە تایبەتەکەی ئەرکەکەم بەرامبەر شۆڕشی کوبا لەسەر خاکی ئەو وڵاتە، ماڵئاواییت

FOCUS

لێدەکەم، ماڵئاوایی لە هاوڕێیان دەکەم، ماڵئاوایی لە گەلەکەت دەکەم کە بووەتە گەلی منیش.

بەشێوەیەکی فەرمی لەبەردەم ئیدارەی حزبدا دەستلەکارکێشانەوە لە ئەرکەکانم پێشکەش دەکەم، لە پۆستەکەم وەك وەزیرێك، لە پلەی سەرکردە، لە رەگەزنامەکەم وەك کوباییەك. ئەمڕۆ پێویستە هیچ سیفەتێکی فەرمی نەمبەستێتەوە بە کوباوە، بەتەنها ئەوەی دەمبەستێتەوە پەیوەندیگەلێکی دیکەیە کە هیچ کەسێك ناتوانێت بیپچڕێنێت، چونکە لە دەرەوەی چوارچێوە بەرجەستەکانن.

ئەگەر ژیانی پێشووشم بەیادبهێنمەوە، ئەوا پێموایە من لە میانەیدا بە پاکی و دڵسۆزییەوە بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنی شۆڕشگێری کارم کردوە.

ڕەنگە تاکە هەڵەیەکی تارادەیەک مەترسیداریشم ئەوە بووبێت کە من بە شێوەیەکی گەورە و لە ساتەوەختەکانی یەکەمەوە لە «سیێرا مایسترا Sierra Mactral » متمانەم پێنەکردیت، بە خێراییەکی پێویست لە توانا سەرکردایەتی و شۆڕشگێریەکەی تۆ تێنەگەیشتم.

سەرەڕای خۆشی و ناخۆشیەکان لە ماوەی قەیرانی کاریبیدا، من رۆژانێکی خۆش و نایابم بەسەربرد، بەڵام من بەتەنیشت تۆوە هەستم بە شانازیی دڵسۆزبوون کرد بۆ گەلەکەمان.

با دان بەوەشدا بنێم کە زۆر بە توندی وەك سەرۆکی دەوڵەت دەرکەوتیت و درەوشایتەوە، هەروەها هەست بە شانازی دەکەم، چونکە بێ هیچ شڵەژان و ڕاڕاییەك لەسەر کار و خەبات بەردەوام بوویت، شێوازێکی هەرە گونجاوت هەبوو بۆ بیرکردنەوە لەڕێگەی دیدێکەوە کە توانی درك بە مەترسیەکان بکات و لێیان دوربکەوێتەوە و بنەماکان دیاریبکات و پابەند بێت پێیانەوە.

چەندین خاکی تر لە جیهاندا هەیە داوای بەشداریم لێدەکات بە هەوڵ و کۆششە سادەکەمەوە، دەشزانم تۆ پابەندیت بە بەرپرسیارێتییەکی گەورەوە لەبەردەم گەلەکەتدا، بۆیە ناتوانیت ڕەزامەندی دەربڕیت لەسەر هەر پابەندبوونێك کە رێگە لە کاروانەکەت بگرێت، لەم روانگەیەوە من پێت رادەگەیەنم ساتەوەختی جیابوونەوەمان هاتووە.

دەزانیت من تێکەڵەیەک لە کامەرانی و ئـازارەوە کاردەکەم، لێرە دەڕۆم لەدوای خۆمەوە بێگەردترین خەونەکانم و خۆشەویسترین کەسەکان بەجێدەهێڵم، هەروەها گەلێك بەجێدەهێڵم کە وەك کوڕێکی خۆی قبووڵیکردم، هەر ئەمەشە کە ئازارم دەدات.

لە خاکی جەنگە تازەکاندا ئەو یەقینە لەگەڵ خۆم هەڵدەگرم کە لە ناخی مندا چاندت، لەگەڵ رۆحی شۆڕشگێری بۆ گەلەکەم، هەستکردن

**ڕەنگە تاکە هەڵەیەکی تارادەیەک مەترسیداریشم ئەوە بووبێت، کە من بە شێوەیەکی گەورە و لە ساتەوەختەکانی یەکەمەوە لە «سیێرا مایسترا» متمانەم پێنەکردیت**

بە پابەندبوون لە بەرامبەر پیرۆزترین ئەرکەکاندا، ڕووبەڕووبوونەوەی ئیمپریالیزم لە هەرکوێیەك بێت، ئەمەش بە توندی دەتوانێت هەر برینێك سارێژبکات.

ئەگەر لە زەوییەکی تردا مردم، ئەوا ئەو گەلە و بەتایبەتی تۆ دوایین شتێك دەبێت بیری لێبکەمەوە. سوپاست دەکەم بۆ ڕێنماییەکانت ئەی ئەو نمونەیەی کە بە درێژایی تەمەنم دڵسۆز دەبم بۆی.

من هەمیشە و لە ئایندەشدا بەو شێوەیە دەمێنمەوە کە داوای سیاسەتی دەرەکیم کردووە بۆ شۆڕشەکەمان، لە هەر کوێیەکیش بم هەمیشە هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەم وەك ئەوەی شۆڕشگێرێکی کوباییم، بەو شێوەیەش مامەڵە لەگەڵ ئەوانی تردا دەکەم.

هیچ شتێکی مادیم بۆ مناڵەکانم و هاوسەرەکەم بەجێ نەهێشتوە، ئەوەش نارەحەت و بێزارم ناکات: خۆشحاڵ دەبم بەو شێوەیە بم. هیچ شتێکم ناوێت بۆیان، چونکە متمانەم بەوە هەیە دەوڵەت پێداویستیەکانی گوزەران و فێرکردنیان دەستەبەر دەکات.

زۆر شتم لایە بیڵێم بە تۆ و بە گەلەکەمان، بەڵام هەستدەکەم کەڵکی نابێت، چونکە وشەکان ناتوانن گوزارشت لەوە بکەن کە دەمەوێت، بەهەدەردانی مەرەکەب سودی نابێت.

هەمیشە بەرەو سەرکەوتن، دروشمی منیش یان نیشتمان، یان مردنە.

لەمنەوە ئامێزێکی شۆڕشگێری گەرم.

**گیڤارا**

# هەوڵەکانی تیرۆرکردنی
# فیدڵ کاسترۆ لەلایەن (CIA)وە

| دیارترین هەوڵی تیرۆرکردن | لایەنی پیلاندارێژەر | ساڵ |
|---|---|---|
| بۆمبرێژکردنی گورزەی جگەرە تایبەتییەکانی کاسترۆ لە نیویۆرك | ئاژانسی CIA | 1960 |
| ئامادەکردنی (6) دەرزی ژەهراوی زۆر کاریگەرو هەوڵدان بۆ ژەهراویکردنی خواردنی کاسترۆ لەلایەن بەکرێگیراوی CIA (جۆنی رۆسیلی) کە هاورێی نزیکی کاسترۆ بوو | ئاژانسی CIA | 1960 |
| دانانی حەپی ژەهراوی لەناو خواردن و خواردنەوەی کاسترۆ لەلایەن گێرل فرێندێکی کاسترۆ بە ناوی (ماریتا لۆرنت) کە بەکرێگیراوی CIA ئەمەریکی بوو | ئاژانسی CIA | 1961 |
| بەکارهێنانی سەدەفی دەریا بۆ تەقاندنەوەی برێك تەقینەوەی بەهێز لە کاتێکدا کاسترۆ لە نزیك کەناراوەکانی کوبا لەژێر ئاو مەلەی دەکرد | ئاژانسی CIA | 1963 |
| ئەمەریکا سێتێك جلوبەرگی ژێردەریایی پێشکەشی کاسترۆ کرد بەکتریای تایبەتی پێوەکرابوو، تاوەکو کاسترۆ تووشی نەخۆشییەکی دەگمەن بکات | ئاژانسی CIA | 1963 |
| بەکارهێنانی رۆنالدۆ کۆبیلای هاورێی نزیکی کاسترۆ بۆ ئەوەی لە رێگەی قەڵەمێکی ژەهراوییەوە بیکوژێت، بەڵام بە تیرۆرکردنی جۆن کەنەدی، پلانەکە جێبەجێ نەکرا | ئاژانسی CIA | 1963 |
| دانانی (90) کیلۆ TNT لەژێر ئەو ستەیجەی کە بڕیاربوو کاسترۆ لە پایتەختی پەنەما وتار بدات، بەڵام ئەو هەوڵەش سەرکەتوو نەبوو | ئاژانسی CIA | - |

